

# داوا دەکرێت شێوازی فێستیڤاڵ بگۆڕدرێت

## لە پازدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا نەوەی نوێ دەنگی نوێیان بەرهەمهێنا

پازدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ، کە ساڵانە بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ سازی دەکات، بووە ئەو سەکۆیەی کە کولتوور و دەنگە جیاوازەکانی کۆکردەوە. لە کۆتایی مانگی یانزەدا فێستیڤاڵ بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوامیی بە کارەکانی خۆی داو تێیدا ئەو بابەتە ئەدەبیانەی وەک شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە پێشکەشکران، کە لیژنەکانی هەڵسەنگاندن دیارییان کردبوون بۆ پێشبڕکێ، هەروەها ژمارەیەک لە ئەدیب و نووسەری تورک و عەرەب و پۆڵەندی و کورد وەک میوان بەشداریی فێستیڤاڵەکەیان کرد و شیعر و بابەتی ئەدەبییان پێشکەشکرد.



سەبارەت بە فیستیڤاڵەکەو ئاستی بەرهەمە بەشداربووەکان، سەلاح عومەر-ی چیرۆکنووس پێی راگەیاندین کە هیچ جیاوازییەک نابینێت لە چاو فێستیڤاڵەکانی ساڵانی پێشوودا و وتی: بابەتەکان هەمان ئاستی ئەو بابەتانەیان هەبوو، کە لە چەند ساڵی رابردوودا پێشکەش کراون، رەنگە تا ئەندازەیەک لێکۆڵینەوەکان لە شیعرەکان باشتر بووبن، چونکە لە راستیدا ئاستی شیعرەکان زۆر لاواز بوون، رەنگە هۆیەکەشی ئەوە بێت کە تەنها لەو ئاستەدا شیعر چووبێت بۆ فێسیڤاڵەکە و لیژنەکانیش هەر ئەو جۆرە شیعرانەی لەبەردەستدا بووبێت بۆ هەڵسەنگاندن. سەبارەت بە چیرۆکەکانیش لەبەر ئەوەی نەخوێندراونەتەوە ناتوانم قسەیەکی ئەوتۆیان لەسەر بکەم هەوڵ دەدەم دواتر بیانخوێنمەوەو قسەی خۆمیان لەبارەوە بکەم. بەشێوەیەکی گشتی من ئاستی لێکۆڵینەوەکانم پێ باش بوو بەتایبەتی (گوڵاڵە کەمانگەر) کە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر رۆمانێکی شێرزاد حەسەن بوو، بابەتەکەی دەوڵەمەند بوو، بەشێوەیەکی تیۆری لێکۆڵینەوەی لەسەر کردبوو.

سەلاح عومەر رەخنەی لە شێوازی فێستیڤاڵ هەیە کە ساڵانە خەڵات بەسەر یەکەم و دووەم و سێهەمدا دابەش دەکرێت و پێشنیار دەکات ئەو شێوازە کلاسیکییە بگۆڕدرێت و دەڵێت: پێویستە ئەو تەقلیدە تێکبشکێنین، من لەو بڕوایەدام ئەگەر ئەوە نەمێنێت خەڵکی باشتر و بەئەزموونتر بەشداری دەکەن و دێنە ناو فێستیڤاڵەوە، چونکە زۆرجار لەلایەن لیژنەکانی هەڵسەنگاندنیشەوە غەدر لە کۆمەڵێک بەرهەمی بەپێز دەدرێت و بە پێوانەی ئەوان بەرهەمی نەشیاو دەچنە پێشەوە.

فاتمە فەرهادی کە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوو و یەکێک بوو لە بەشدارانی شیعر، ئاماژەی بەوە دا کە هەموو فێستیڤاڵێکی ئەدەبی گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام سەبارەت بە فێستیڤاڵی گەلاوێژ نیگەرانیی خۆی نیشان دا بەوەی کە ساڵانی رابردوو دەیزانی فێشستیڤاڵێکی لەم شێوەیە لە شاری سلێمانیدا هەیە، پێی وابووە فێستیڤاڵێکی گەورەیەو تێیدا بەرهەمی ناوازە پێشکەش دەکرێت،



وتی: سەرەتا وەک ڕووداوێکی گرنگ لەم فێستیڤاڵەم دەڕوانی، بەڵام کاتێک خۆم هاتم و بەشداریم کرد ئەو تەسەوڕە گەورەیەم نەما و هەستم کرد ئەم فێستیڤاڵەش شتێکی ڕۆتینەوە و تەنها مەبەست ئەنجامدانیەتی نەک چۆنیەتی و ئاستی کوالێتی.

فاتمە فەرهادی نیگەرانە لە ئاستی بەرهەمە بەشداربووەکان بەتایبەت شیعر، بە بڕوای ئەو خانمە شاعیرە بابەتی باشیش هاتوون بۆ فێستیڤاڵەکە، بەڵام بە هەر هۆیەک بێت نەگەیشتوون و بەشدارییان پێ نەکراوە: من ئەمساڵ گوێم لە شیعری باش نەبوو، لەباری زمانەوانی و تەکنیکییەوە زۆر سادەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا یەک دوو شیعر خوێنرابوونەوە، کە بە بۆچوونی من و زۆرێک لە ئامادەبووان ئاستیان باشبوو. بەکورتی من وەک بەشداربوویەک پەشیمانم کە لەم فێستیڤاڵەدا شیعرم خوێندووەتەوە، نەک لەبەر ئەوەی شیعرەکەی من لەوانی دیکە باشتر بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی شیعرەکەی خۆشم ئاستێکی نزمی هەبووە.

چنور سەعیدی لە فێستیڤاڵی گەلاوێژدا بە چیرۆک بەشدار بووە، بەڵام سەرسوڕمانیی خۆی نیشان دا کە ڕێگەیان نەداوە چیرۆکە بەشدارەکان بەدەنگی نووسەرەکانیان بخوێنرێتەوە، چنور دەڵێت: ڕەنگە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی نووسەر لە هەر تەمەنێکدا بێت جگە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی، لە شوێنێکی وەک فێستیڤاڵیش دەنگ و ڕەنگی هەبێت و بەرهەمی خۆی پێشکەش بکات، بۆ خەڵکیش هەر وایە، خەڵک گرنگە لە نزیکەوە گوێی لە چیرۆکێک بێت بە دەنگی نووسەرەکە خۆی، چونکە ڕەنگە خوێندنەوەی چیرۆک لەلایەن نووسەرکەوە تام و چێژی خۆی هەبێت بۆ گوێگر، بەڵام بەداخەوە بەبێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن لیژنەی باڵای فێستیڤاڵەکەوە درابێت، ئەم مافەیان لە ئێمە سەندەوە. لە هەر کەسێکیان دەپرسین بۆچی ئەمە وایە؟ وەڵامی پرسیارەکە نادەنەوە و نازانن چی بڵێن.

چنور سەعیدی وتیشی: خۆی لەخۆیدا فێستیڤاڵەکە

# راپۆرت

بە ناوی ئەدەبەوە دەکرێت، بەڵام لە واقیعدا دەبینین ئەدەب خراوەتە پەراوێزەوە. سەبارەت بە خەڵاتەکانیش من داوا دەکەم لە ساڵانی داهاتوودا شێوازی دابەشکردنی خەڵاتەکان بگۆڕدرێت و ئەم نەریتە نەمێنێ کێ یەکەمە و کێ دووەمە، چونکە دواجار لەلایەن لیژنەکانی هەڵسەنگاندنیشەوە زۆر جار غەدر لە بەرهەمەکان دەکرێت، یان زۆر جار کەسانێک دەکرێن بە لیژنە، کە شیاوی ئەوە نین.

نەجات حەمیدی نووسەر پێی وایە کە پازدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ تا ئەندازەیەک جیاوازیی هەیە لەوانی دیکە، بەتایبەت ئەو کۆڕو دانیشتنانەی کە بۆ نووسەرە عەرەب و بیانییەکان تەرخانکرابوون و تێیدا کۆمەڵێک تێکست و لێکۆڵینەوەی سوودبەخش پێشکەش کران و گفتوگۆی باشیشیان بەدوای خۆیاندا هێناوە. سەبارەت بە ئاستی بەرهەمە بەشداربووەکان نەجات حەمید وتی: بەنسبەت شیعرەکانەوە دوو جۆر و دوو ئاستی جیاواز بوون، ئێمە گوێمان لە شیعری باش و خراپیش بوو، ئەوە هەڵەیە کە دەڵێن سەرجەم شیعرەکان خراپ بوون، بە پێچەوانەوە ئێمە گوێمان لە شیعری تازەو جوانیش بوو، بەڵام شیعری خراپ زیاتر بوو، لێکۆڵینەوەکانیش تا ئەندازەیەک باش بوون و جیاوازتربوون لە لێکۆڵینەوەکانی ساڵانی پێشتر، چونکە لە ناو لێکۆڵینەوەکاندا بیری تازە هەبوون هاوکات چەمک و زاراوەی رەخنەیی تازەشی تێدا بوو.

لە رووی فێستیڤاڵەکەشەوە نەجات حەمید دڵخۆشیی خۆی نیشان دا بەوەی کە گرنگیی زیاتر بە زمانەکانی دیکە دراوە و ئەمەشی بە کرانەوەیەک وەسفکرد لە نێوان رۆشنبیریی کوردی و نەتەوەکانی دیکەدا، هاوکات رەخنەی لەوەش هەبوو کە رێگە نەدرا چیرۆکەکان بخوێندرێنەوە و وتی: هیوادارم لە ساڵانی داهاتوودا شێواز و تەکنیکی فێستیڤاڵ بگۆڕن و بتوانن سوود لە ئەزموونی فێستیڤاڵە عەرەبی و ئەورووپییەکان وەرگرن.

چوار رۆژی فێستیڤاڵ بە خوێندنەوەی چەندین تێکستی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر و گفتوگۆی ئامادەبووان بەرێوەچوو و لە پاشنیوەڕۆی دوارۆژیشدا خەڵاتی (هەردی) بۆ داهێنان بەخشرا بە وەرگێڕ (مەریوان هەڵەبجەیی) و خەڵاتی رێزلێنان بەخشرا بە چەند کەسایەتییەکی ئەدەبی و کەناڵەکانی راگەیاندن، هەروەها خەڵاتی سەرکەوتووان بەمجۆرە دابەشکرا:

*خەڵاتی یەکەمی چیرۆک بۆ:شاڵاو حەبیبە.

*خەڵاتی دووەمی چیرۆک بۆ: ئومێد عوسمان.

*خەڵاتی سێیەمی چیرۆک بۆ: توانا ئەمین.

*خەڵاتی یەکەمی شیعر بە هاوبەشی بۆ: بەشدار سامی، سوارە نەجمەدین.

*خەڵاتی دووەمی شیعر بە هاوبەشی بۆ: فاتمە فەرهادی، ئازاد بەهین.

*خەڵاتی سێیەمی شیعر بە هاوبەشی بۆ: رێبین ئەحمەد خدر، پشتیوان عەلی.

*خەڵاتی یەکەمی لێکۆڵینەوە بۆ: گوڵاڵە کەمانگەر.

*خەڵاتی دووەمی لێکۆڵینەوە بۆ: سۆران ئەحمەد چۆمانی.

*خەڵاتی سێیەمی لێکۆڵینەوە بۆ: موحسین عوسمان.

*خەڵات بۆ شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوەی بادینی:

-خەڵاتی یەکەمی شیعر بۆ (مەهدی حاجی).

-خەڵاتی یەکەمی چیرۆک بۆ (کیڤی عارف).

-خەڵاتی یەکەمی لێکۆڵینەوە بۆ (تێلێ ساڵح موسا).